یانکانی دهک و زاخۆ بۆ یەکلاکردنەوەی جامی عێراق رووبەرووی یەکتر دەبنەوە



دەربیی بادینان ئەم ئێوارەیە، لە یاریگەی شەعبی بەغدا و لەپێناو بەرزکردنەوەی جامی عێراق دەکرێت، دهک و زاخۆ لە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەیەک دەگەن و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا یانەیەکی کورد جامەکە بەرز دەکاتەوە.

ئەمە هەینی ١٨ـی تەممووزی ٢٠٢٥، کاتژمێر هەشتی شەو بەکاتی هەولێر، هەردوو یانەی دهک و زاخۆ لە بەغدا لە یاریی کۆتایی جامی عێراقدا رووبەرووی یەکتر دەبنەوە.

یاریەکە لە یاریگای شەعب لە بەغدا بەئەنجامدەچێت، جگە لەوەش دەبێتە یەکەم جار لە مێژوودا یانەیەکی کوردی ببێتە پاڵەوانی ئەو جامە لەو کاتەوەی لە وەرزی ١٩٧٥ بۆ ١٩٧٦ پاڵەوانێتییەکە دەستیپێکردووە.

یانەی زاخۆ لە قۆناغی پێش کۆتاییدا توانی بە لێدانە یەکلاکەرەوەکان لە یانەی شوێتە ببا تەوە، بەو ئەنجامەش گەیشتنی بە یاریی کۆتایی مسۆگەر کرد.

لەبەرامبەردا، یانەی دهکیش لەو قۆناغەدا بە ئەنجامی سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردنەوەی بەسەر یانەی قوە جەویە بەدەستهێنا و گەیشتە یاریی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە.